پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی (لەعنەتی) کردووە: لەو پیاوەی کە پۆشاکی ئافرەت لەبەر دەکات، ولەو ئافرەتەی کە پۆشاکی پیاو لەبەر دەکات

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەفرەتی (لەعنەتی) کردووە: لەو پیاوەی کە پۆشاکی ئافرەت لەبەر دەکات، ولەو ئافرەتەی کە پۆشاکی پیاو لەبەر دەکات».
[سەحیح - ڕاست)] [رواه النسائي في الكبرى وابن ماجه بمعناه وأحمد]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دۆعای کردووە بە دوورخستنەوە وبێبەشبوون لە ڕەحمەتی خوای گەورە دەرهەق بە هەموو پیاوێك کە خۆی دەچوێنێت بە ئافرەتەوە بە پۆشینی ئەو پۆشاکەی تایبەتە بە ئافرەتان؛ ئینجا لە شێوە یان ڕەنگ یان چۆنیەتی یان شێوازی پۆشین وڕازاندنەوە یان هەرشێوەیەکی تر بێت، هەروەها بەهەمان شێوە دۆعای کردووە لەو ئافرەتەی کە خۆی دەچوێنێت بە پیاوان بە پۆشینی ئەو پۆشاکەی تایبەتە بە پیاوان، وئەمیش تاوانێکە لە تاوانە گەورەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8905